وەزیری دەرەوەی لوبنان داوای لێبوردنی کردوە کە لە ئەستادا بانگهێشتنامەیەک بە سەردانی تاران قبوڵ نەکردوە

ئاژانسی هەواڵی نیشتمانیی لوبنان بڵاویکردەوە، یوسف ڕەجی وەزیری دەرەوەی لوبنان ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاند، داوای لێبوردنی کردوە کە لە ئەستادا بانگهێشتنامەیەک بە سەردانی تاران قبوڵ نەکردوە، هەروەها پێشنیاری کردوە لێبری ئەو کێبوونەوەیەک "لە وڵاتێکی سێیەمی بڵایەن کە ڕێککەوتنی لەسەربێت" ئەنجام بدرێت.

یوسف ڕەجی وەزیری دەرەوەی لوبنان ئەمڕۆ چوارشەممە لە لێدوانێکدا باسی لەوەکردوە، بەهۆی "دەخی ئەستا"وە ناتوانێت بانگهێشتکردنی بە تاران قبوڵ بکات و بۆیاری سەردانکردنی بدات، بەبێ ئەوەی وردەکاری زیاتر بخاتەڕو.

وەزیری دەرەوەی لوبنان هەروەها دەڵێت، سەردانەکردنی بە تاران "بە مانای ڕەتکردنەوەی گفتوگۆ نییە، بەڵکو کێشوهەوای گونجاو نیە بە ئەو سەردانە"، هەربۆیە داوای لێبوردن دەکات.

هەفتەی ڕابردو عەباس عەراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران بانگهێشتی هاوتا لوبنانییەکەی کرد بە ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا سەردانی تاران بکات و تاوتوێی پێیوەندیە دوقۆیەکان بکات.